# سورەتی ئەنفال



عومەر عەبدولکەریم

ئەدۆنیس.....هەرکەسێکی کورد ( قورئان) خەتم بکات

هەر بگاتە سورەتی ( ئەنفال) ئیتر بۆی تەواو ناکرێ.....
منیش بۆ خۆم
خەوێکم دی ...
ئای لەو خەوە......بەڵام چۆن خەوێ
لە تاوانا...
جەستە و روح و هۆش و زمان
ئیفلیج دەبێ..گڕ دەگرێ

پیرەمە گروون لە ناخی خۆیدا دەجمێ
لە ئازاری منداڵێکی (ئە نفال) کراو
........

کە لەوساوە (ئەنفال)، بۆتە وێردی زمان

بۆ هەمووان...نەک بە تەنها بۆ مامۆستا و زاناکانمان...

گریانەکەی هێند بە سۆزە

دەیهەژێنێ ویژدان و سۆزی گشت گەلان

بەڵام داخ و هەزاران داخ

گوێ ڕاگرە....

کەس نابینێ ئازاری برژاوی ناخم

منی سوتاوی ژێر لم لە بیابان

ئاخ ... بیابان

بە خوای گەورە سوێندتان دەدەم

بە پەیامە پیرۆزەکەی ئاسمان

من دەربێنن لە ناو لم و

دەری بێنن سوورەتی (ئەنفال)

لە قورئان...